سەرۆک کۆمار سەرخۆشی لە سەید سیستانی دەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی براکی

سەرۆک کۆماری عێراق، عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ هەینی سەرخۆشی لە مەرجەعی باڵا، ئایەتوڵڵا عوزما سەید عەلی سیستانی کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی "سەید هادی حوسەینی سیستانی" برایەوە.

سەرۆک کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاندووە: "بە داخ و پژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەید هادی حوسەینی سیستانی (قدس سره) مان پێگەیشت کە بۆرو لای پەروەردگاری باڵا گیانەوە بە نەفسکی ڕازی و دڵنیاوە".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە: "کۆچکردووی زۆربەی تەمەنی خۆی لە خزمەتی ئایین و زانستدا بەسەر برد، وانەی لە لای گەورە مەرجەع زاناکان خوێند و زاناکانی تریش لە زانیاریی دەوڵەمەندکانی ئەویان وەرگرت، شوێنپێنجێیکی زانستی چەسپاوی لە ناوەندە ئایینی و زانستی و حەوزەییەکاندا بەجێهێشت. بەم بۆنە خەمناکەوە لە خودای گەورە دەپاڕێینەوە کە سبووری بە جەنابتان و بنەماڵە بەڕێزەکەتان ببەخشێت و جێگەی کۆچکردووش بەهەشت بێت".